لەشی مێینە موڵکی کێیە؟

پزیشکیو داستانو ئایدیۆلۆجیا لەسەر حسابی ژن

لالە ماردینی

ئایا ژن لە پیاو زیاتر نەخۆش دەکەوێت؟ ئایا ژن ئەو مافەی هەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ لەشی خۆی ڕەفتار بکات؟ لەسەر دایکبوونو نادایکبوون، کێ بریار دەدات؟ پیاوسالاری لەشی مێینە بەردەوام بەتوندی دەگرێتەوە.

هاورێیەکەم هەیە دەمێکە نەخۆشە، هێلکەدانی بە بەرداوامی ئیلتیهابی کردووە. ئەم هاورێیەم هەمیشە ئازاری هەیەو ئەم ئازارانەش زۆر کاریگەری سلبیان کردوەتە سەر باری دەروونی هاورێکەم. چەندجارێك داوای لە پزیشکەکەی کردوە کە عملیاتی بکاتو هێلکەدانەکەی دەربێنێت. بەڵام پزیشکەکەی کە پیاوە ویستی ئەم ژنە ڕەتدەکاتەوەو دەبێژێت: "نایکەم چونکە تۆ تا ئێستا تەنها یەك منداڵت هەیە. ئەگەر دوو سێ منداڵت هەبوایە، ئەوا لەوانەیە بمکردایە." سەیرە، ئەم پیاوە کە پیاوێکی غەریبە لەسەر تەندروستیو لەشو توانای منداڵبوونی ئافرەتێك بریار دەدات کە نە ژن و نە خوشکی خۆیەتی. بە چ حەقێك هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی لەشی ژنێکی غەریبە بکات؟

داستان دەربارەی بێهێزی لەشی ژن

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩دا، پزیشکێکی نەمساوی (ئیگناتس فیلیپ زەمەلڤایس) دەنگی خۆی بەرزکردەوە بۆ ڕێزگرتن بەرامبەر لەشی مێینە. بەپێی تاقیکردنەوە ئەو بۆی دەرکەوت کە هۆکاری ئیلتیهابو هۆکاری نەخوشیتر کە زۆر ژن لە کاتی منداڵبوون تووشی دەبن دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری باکتێریا. لەو سەردەمەدا زۆر ژن لە جێ و شوێنی منداڵبووندا لەبەر ئیلتیهابو تاڵیهاتن دەمردن، (ئیگناتس فیلیپ زەمەلڤایس) تێگەیشتبوو کە هۆکاری سەرەکی بۆ ئیلتیهابی باکتێرایی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕەفتارکردنی پزیشك لەگەڵ لەشی ژن، نە دەستکێشیان بەکاردەهێنا و نە ئامێژەی نەزۆكو بێبەر. بەڵام زۆرینەی پزیشکەکان باوەڕیان بەوە نەدەکرد کە هەڵەکە لای خۆیانە، بە پێچەوانەوە، گاڵتەیان بە (ئیگناتس فیلیپ زەمەلڤایس) دەکرد، دەیانگووت: لەشی ژن پیسەو بێهێزە بەڵام دەستی پزیشك پاکە، بۆیە پێویست بە دەستکێش ناکات.

داستان دەربارەی بێهێزی لەشی مێینە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. بێگومان ژن لە پیاو زیاتر دەچێتە لای دوکتۆر، بەڵام ئەوە سەلماندنێك نییە بۆ ئەوگریمانەیەی کە ژن لە پیاو زیاتر نەخۆش دەکەوێت. هۆکارێکی کۆمەڵایەتیتر هەیە بۆ ئەو دیاردەیەی کە ژن زووزوو دەچێت بۆ دۆکتۆر. ئەگەر بەراوردبکەین لەگەڵ پیاو ژن زیاتر کات لەگەڵ منداڵ بەسەردەبات، لەوەش دەترسێت کە ئەگەر خۆی نەخۆش بکەوێت ئەوا منداڵەکەش تووش دەبێت یاخود دەترسێت لە کاتی نەخۆشبووندا نەتوانێت خزمەتی منداڵەکەی بکات. هەروەها دەزانێت ئەگەر بە شێوەیەکی قورس نەخۆش بکەوێت، پیاو خزمەتی ناکات، بەڵام پیاو دەزانێت ئەگەر خۆی بە شێوەیەکی قورس نەخۆش بکەوێت، ئەوا ژن خزمەتی دەکات. دووری پیاو بەرامبەر منداڵو دڵنیایی پیاو کە ژن خزمەتی دەکاتو هەروەها ناسنامەی نێرینەیی سەبارەت بە لەشی بەهێزی وا دەکەن کە لە کاتێکدا پیاوێك نەخۆش دەکەوێت کۆسپە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە ڕێگری بۆ چوونە لای دۆکتۆر.

من نەخۆش نییم! من پیاوم. لەشم وەك لەشی شێر وایە. — بەڵام شەش هەفتە زیاتر دێتو دەڕواتو دەکۆکێتو لووتی گیراوەو قورگی دێشێت، گرنگی بەوە نادات کە ماڵو منداڵەکانی بە هۆی ئەمەوە تووش دەبن. لەهەمان کاتدا،

لەو داستانەدا دەژی کەباس لە بێهێزی لەشی مێینەدەکات.

سکپڕی یاخود لەباربردن

دەکرێت لێرەدا بابەتی لەباربردن یاخود لەبارچوونی کورپەلە باس بکرێت. لە زۆربەی وولاتاندا لەباربردن ڕێگەپێدراوە بەڵام لەهەمانکاتیشدا گومانی لێ دەکرێت. بۆنموونە لە ڕوسیا، زۆر خێزان هەن لەنێوان یەکەمو دووهەم منداڵ زۆر مناڵ لەباردەبەن، زۆر ژن لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا شوودەکەن، زۆر جار لەم کاتەدا سکیان هەیەو ئەمەش هۆکارێکە بۆ شووکردن، منداڵی دووهەم دەبێت کە تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ گەورترە، تا ئەوکاتە یەك جار یان زیاتر ڕێ لە سکپڕی دەگرن. لە ئەڵمانیا لەباربردن ڕێگەپێدراوە، بەڵام ژن مۆڵەتی عەمەلیات تەنها ئەوکاتە وەردەگرێت ئەگەر پێشتر سەردانی دەزگایەکی ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی بکات، لەوێ هەوڵ دەدرێت قەناعەت بەو ژنە بکرێت کە منداڵەکەی بهێڵێتەوە. لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەباربردن بابەتێکی بەردەوام و گرنگی خەباتی هەڵبژاردنە، دیمۆکراتییەکان دەبێژن بەڵێو کۆماریییەکان دەبێژن نەخێر. دوژمنی لەباربردن لە گفتوگۆکاندا دەبێژێت، پێویستە ژیان کە هێشتا لەدایکنە بووە بپارێزرێت، بەڵام دیمۆکراتییەکان وەڵامیان دەدەنەوەو دەبێژن: ئەگەر بۆ ئێوە ئەو ژیانەی کە هێشتا لەدایك نەبووە وا گرنگە، ئەی ئەو ژیانەی کە لەدایك بووە، چی؟ ئێوە چۆن بە شەڕو هەژاری ڕازی دەبن؟

دەسەڵاتی نێرینەو ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا

لەلای موسڵمانەکانی یوگۆسلاڤیا بەتایبەتی لە بۆسنیا ماوەیەکی زور لەباربردن قەدەغەکراو و تابو (taboo)بوو، بەڵام لە کاتی شەڕی بالکاندا کە هەزاران ئافرەت بوونە قوربانی دەستدرێژیکردن لەلایەن سەربییەکان کە وەك مەسیحییەکان لە قەڵەم دەدرێن، مامۆستاکانو بەرپرسەکانی ئاینی ئیسلامی بریاریان دا کە ڕێگەبدرێت بەو ژنانە کە کورپەلەکانیان لەباربەرن و حەلاڵیشیان کرد. لە ئەڵمانیا هێزە پارێزگارەکان بە لەباربردن ڕازی نیین، بەڵام ئەگەر ژنێکی بێگانە سکی هەبێت ئەوا زۆر جار لە دەزگاکانی ڕاوێژکاری خێزان پێشنیاری لەباربردنی دەکەن، چونکە ترسی ڕەگەزپەرستی هەیە کە ئەڵمان کەموکەمتر بەڵام بێگانەکان زیاوزیاتر دەبن. بیرم دێت کە من پێش ساڵێك لەمەوپێش لەگەڵ نوێنەرێکی پلە بەرزی حیزبێکی چەپی نەتەوەیی کوردی گفتوگۆیەکم هەبوو، ئەم پیاوە بە منی گووت، لەباربردن تاوانە چونکە نەتەوەی کورد هەمیشە سەرکوتکراوە، ئێستا پێویستی بە منداڵی زۆر هەیە. لە هیچ دانەیەك لەو سێ نموونەیە گرنگی نەدراوە بە تەندروستی ژن ، بەڵکو ئاشکرایە کە پیاو دەیوێت کۆنترۆڵی لەشی مێینە بکاتو لە پێناوی ئایدیۆلۆجیا لەشی ژن بەکاربێنێت.

یاسای سروشت دەربارەی بەرهەمهێنانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ بۆ پیاو ڕۆڵێکی نالەباری دەستنیشانکردوە. لە کاتی دروستکردنی منداڵ، بوونی پیاو تەنها بۆ ساتێك پێویستە، تەنها پێویستە بو تۆوێك، بەڵام ژن نۆ مانگ ڕۆڵێکی گرنگو ئاکتیف دەبینێت. زۆر لە ژنان بەبێ یارمەتی پیاو ئەو نۆ مانگە دەژین و دەیسەلمێنن کە پێویستیان بە پیاو نەماوە. لەڕووی دەروونزانییەوە دەکرێت باسی هەست بە کەمبوونی پیاو بکرێت. لەبەرئەوە پیاو ئەگەر بتوانێت هەموو دەسەڵاتەکەی لە بواری ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوری بەکاربهێنێت بۆ سەلماندنی گرنگی خۆی. خۆی حەزدەکات دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێت. هەر بۆیە داستان و ئایدیۆلۆجیا دادەنێت، ڕۆڵی پزیشکی خوی بە خوای گەورە دەزانێتو بریار دەدات لەسەر لەشی ژنان، بریار دەدات کە دەبێت ژنێکی نەخۆش لە پێناوی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی نێرینە تەحەمولی ئازار بکات. بەڵام لە گۆشەنیگایەکی فەمینیستیەوە، لەشی مێینە نە موڵکی پیاو و نە موڵکی نەتەوەیە، بەڵکو لەشی ژن هی ژنە. تەنها ژن مافی هەیە کۆنترۆڵی لەشی خوی بکات وبڕیاری لەسەر بدات.

گیا دەرمانی

شووتی

ئا/ فەرزانە

سودە دەرمانیەکانی:

١- ئاوەکەی بخۆنەوە بۆچارەسەرکردنی ئاوسانوسۆی گورچیلەو میزڵدان و ساردکردنەوەی جەستەودابەزاندنو لەناوبردنی پاڵەپەستۆی خوێن سودبەخشە. گەدە بەهێز دەکاتو ژاراوی بون شەکرەو سست بونی ئێسقان و ئازارو برینی قورگ و دەم چارەسەر دەکات هاندەریشە بۆ ڕوونبونەوەی خوێن، گەرمای جەستە کەم دەکات و تینویەتی دەشکێنێت .

٢- ئاوەکەی لە گەڵ شەکرو سرکە تێکەڵ بکەن و بیخۆنەوە بۆچارەسەرکردنی زەردوویی سود بەخشە و یارمەتی هەرسکردنی خواردن دەدات و میز زۆر دەکات .

٣- لەگەڵ شیر تێکەڵی بکەن و بیخۆنەوە بۆ چارەسەرکردنی ڕەشبونەوەی پێست سوود بەخشە.

٤- ئەگەر تەمری هیندی لە ئاوەکەیدا بتوێنرێتەوەو بخورێت بۆ چارەسەرکردنی زەردویی وخورانی جەستە بەسوودە .

٥- ئاوەکەی لەگەڵ سرکەو زەردەچەوە تێکەڵ بکەن و بیماڵن بە جومگەکاندا ئازاری ڕۆماتیزم کەم دەکاتەوە .

تێبینی:

بەرلەخواردنی نانی بەیانی خواردنی شووتی زیانبەخشە و هەروەها خواردنیشی هاوکات لەگەڵ نان خواردندا کاری هەرسکردن توشی گرفت دەکات .

بۆ لە ناوبردنی زیانەکانی شووتی هەنگوین بخۆن .

ئایا بەرهەمەکانی شیر کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی دوانە؟

مات مەکگرەس
BBC

بە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی نوێ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژن ئەگەر زۆر لە بەرهەمەکانی شیر بخوات، شانسی زۆرە دوانەی ببێت.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەو سی ساڵەی ئەخیردا، ژمارەی منداڵ کە وەك دوانە لەدایك بوون زۆر بەرز بووەتەوە، لە هەندێك وولاتدا لە ڕێژەی ٥٠% زیاترە.

بە گوێرەی زانستەکانو پسپۆرەکان دەتوانرێت بە هۆی چارەسەرکردنی پرپیتیو دواخستنی سکپڕی لە ژیانی ژناندا، ئەو دیاردەیە ڕوونبکرێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەدات کە هۆکاری ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ریجیمی خواردن. لێکۆڵینەوەیەك کە لە "گۆڤاری پزیشکی بەرهەمهێناو"دا بڵاو بۆتەوە، بەراوردێك دەخاتە ڕوولە نێوان ئەو ژنانەی کە هیچ بەرهەمی ئاژەڵیی ناخون لەگەڵ ئەو ژنانەی کە شیر دەخونەوە، ئەوانە دوای پێنج جار زیاتر شانسی دوانە بونیان هەیە.

لە سیاقی لێکۆڵینەوەکەدا، بەراوردێك کرا لەنێوان ئەو ژنانەی ریجیم دەکەنو بە تەنها شیرو بەرهەمەکانی شیر دەخۆن لەگەڵ ئەو ژنانەی کە هیچ شیرو بەرهەمی شیر ناخون بەڵکو بە ڕێگەی "ڤێگان" (vegan) ریجیم دەکەن.

زاناکان وا بیردەکەنەوە، پرۆتێینێکی تازە لەناو جگەری ئاژەڵدا دۆزراوەتەوە کە بەرپرسە لە بوونی پەیوەندیەك لە نێوان شیرخواردنو لەدایکبوونی دوانەدا.

ئەم پرۆتێینە "فاکتەری گەورەبوون هاوشێوەی ئەنسۆلین"(Insulin-like Growth Factor)و لەناو شیری مانگاو چەندین بەرهەمەکانی شیری دیکە دۆزراوەتەوە. ئەم پرۆتێینە هێلکەدانی ژن زیاتر ئامادە دەکاتو ژمارەی هێلکەکان کە لەناو هێلکەدان دروستدەبن زیاد دەکات. ئاستێکی بەرز سەبارەت بە "فاکتەری گەورەبوون هاوشێوەی ئەنسۆلین" شانسی گەشەکردنی ئەمبریۆ (embryo) لە قۆناغی سەرەتاییدا زیاددەکات. دەبێت ئەم کاریگەرە زیاتر شیبکرێتەوە لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا کە تێیدا ڕێگە دەدرێت هۆرمۆناتەکان لەخواردنی ئاژەڵ بەکاربهێرندرێت.

منداڵبوونی دوانە لە منداڵبوونی تاکە منداڵ ئالۆزترە، لەبەرئەوە توێژەران ئەوە پێشنیاز دەکەن کەئەو ژنەی بیر لە سکپڕبوون دەکاتەوە، سەبارەت بە نانخواردن بەدیلێك بۆ گۆشتو شیر بدۆزێتەوە.

چاو
بە درێژایی تەمەن

ئا/ نیاز

تەمەنی چاوەکانت لەگەڵ تەمەنی خۆتدا دەبێت. دێقد کارترایتی پسپۆڕی چاو لە کۆمپانیای (بوتس) کە یەکێکە لە گەورە کۆمپانیاکانی بەریتانیا بۆ پیشەسازی دەرمان، ووتی" بەبەردەوام گۆڕانکاری لە شانەو ئەندامەکانی لەشدا ڕودەدات، بەڵام ئەم گۆڕانکاریە لەچاودا ڕوونادات.

ڕۆشنایی‌لە ڕێی سپێنەی چاوەوە دێتە ژوورەوەو لە تۆڕەی چاودا کە دەکەوێتە کۆتایی چاوو بە هەندێ خانەی تەنکو هەستەوەر داپۆشراوە، چڕ دەبێتەوە.

کاترایت هێمای بۆ ئەو تۆڕەی چاو کرد کە لە بنەڕەتدا درێژکراوەی کۆئەندامی دەمارەو لە تۆڕەی چاوەوە نیشانە ڕووناکییەکان دەردەچێتو دەدرێتەوە بە مێشك بۆ وەرگێڕان، بەهەمان شێوازی بەشەکانی تری کۆئەندامی دەمار. تۆڕەی چاو گەر بە شێوازێك لە شێوەکان زەرەرمەند بوو نوێبوونەوەی مەحاڵەو هەگیز دروست نابێتەوە، بەڵام تەنیا بەشی چاو، کە بەبەردەوام توانای نوێبوونەوەی خانەکانی هەیە سپێنەی چاوە، ئەویش بەشە سپیو ڕووکاری پێشەوەی چاوە، هاوشێوەی پێستەو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا توانای چاك بوونەوەی هەیە.

لە ئینتەرنێتەوە

ڕێوان

خاوەنی ئیمتیاز
روناک رەئوف

سەرنووسەر
روناک فەرەج

جێگری سەرنووسەر
هانا شوان

نەخشەساز
سەیران ئەمین

ناونیشان: سلێمانی فولکەی عەقاری پشت ئوتێل ئاشتی

ژ.ت: ٣١٢٤٢٨٧– ٣١٣٣٠١٥

www.rewan.org
Email: rewankurd@yahoo.com